فەرید هورمزی

حەوت كورتیلە چیرۆكی توركمانی

# خەونە یەمەییەكان

و: عەبدولستار جەباری

١

*** مەحاڵ**

– كیژەكە وتی:

– روحە گیان چەند كەللەڕەقیت..

– كەللەڕەق نیم، وەلێ قاییل نابم ببمە بووكەشووشەیەك بەدەستی تۆوە...

– گەر گوێڕایەڵی فەرمانەكانی من نەبی لە كورەی عیشقمدا دەت توێنمەوە، و دووبارە بەدڵی خۆم دات دەرێژمەوە.

– ناتوانیت، چونكە مەعدەنی من لەو جۆرەیە بە بۆمبای ئەتۆمیش ناتوێتەوە...

**

٢

*** رامان..**

– لەچی دەنواڕی؟

– لەمانگ!

– خۆشەویستم بۆچی لە ڕوخساری من ناڕوانی؟

– من دەترسم لە ڕوخساری تۆ بڕوانم، دەڕوانمە مانگ چونكە نیگای تۆی تیادا دەبینم!!...

٣

* **سفر!...**

– ١+١ چەند دەكات؟

– بەزمانی بیركاری و ماتماتیک = ٢... وەلێ بەزمانی من هیچ ناكات، لای وەكو یەكن ١+١ یان ٧+٧ یاخود ملیۆن + ملیۆن...

لە كۆتاییداو ئەنجامەكەی هەر دەكاتە سفر!!

**

٤

* **سەرسامی**

بەچاوی خۆم بینیم گەنجێک دەستی پیرێكی نابینای گرتبوو لە شەقامەكە دەپەڕینەوە، ئەوەی سەرنجی ڕاكێشام و بووە جێگەی سەراسیمەییم ئەوە بوو نابیناكە پێش كوڕە لاوەكە، كەوتبوو و بەدوای خۆیدا ڕای دەكێشا، واقم وڕما لە مەسەلەكەیان... ئاخۆ دەبێ كامیان نابینا بن؟!.

**

٥

* **دزی!!**

– زۆرم چاوەڕوان كردیت، وەلێ مخابن!!

چاوەڕوانی هەموو تەمەنی دزیم...

٦

* **خامە!!**

– ڕۆژێكیان بیرۆكەیەک بەمێشكمدا هات و ویستم بینووسمەوە، داوای خامەیەكم لە محەمەدی كوڕم كرد، هەینێ خامەكەی بەوپەڕی شەرمەوە دا بەدەستم، وتی: بابە گیان خۆ ئەوە خامەكەیە بەدەستەوەیە.

**

٧

* **دەقاو دەق وەک خۆی**

بەكیژەكەی گوت: گەر نەمناسیتایە لە هزرو بیرمدا لە شێوەی تۆ كۆپییەكی دەقاو دەقم دەگۆڕاند...

**

سەرچاوە:

گۆڤاری یورد – العدد – (١٦) ٢٠٠٨.